### پرۆفیسۆر مارک براولی

## ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆیی ماکگیل بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان
# پەیوەستە بە ئاستی شەڕی ناوخۆی عێراقەوە



**پرۆفیسۆر مارک براولی کە ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ماکگیل، توێژەرو پسپۆڕە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە ئەتنییەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها بایەخ بە شێوازی هاوپەیمانی دوای شەڕی سارده و پرۆفیسۆر براولی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین دیراسەت و توێژینەوەی هەیە.**
**گوڵان بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا و ئایندەی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ تورکیا چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر براولی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### دەبێ ئەمەریکا پێش هەر شتێک بیر لە سەقامگیر و چارەسەری سیاسی بکاتەوە

ئەوەی ئێستا عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێ نەبوونی سەقامگیری و زەمینەییەکی لە بارە بۆ لێک تێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەڵام لەم بارودۆخەدا ئەم دوو حاڵەتە هیچ بوونێکیان نییە، دروستکردنی ئەو کەشو هەوایەش کارێکی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو تەنگژەیەی ئێستا لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەیە، نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرن، زیاد لەمەش هێزەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراقیش ناچاربوون بەهۆی دیواری کونکرێتیەوە لێکیان جیابکەنەوە، ئەم پاوان کردنە لەوانەیە تا ڕادەیەک ئاستی توندوتیژی کەمبکاتەوە، بەڵام هەرگیز نابێتە فاکتەرێک بۆ پێکهاتنەوە و پێکەوە ژیانی نێوان عەرەبی سونە و شیعە، هەربۆیە پێویستە ئەم دیوارە بێتە سەرەتایەک بۆ لێک جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی پێکناکۆکییەکان لە یەکتری.

دەربارەی ئەم رەوشە ئاڵۆزەی عێراق و هەنگاوەکانی ئەمەریکا لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر مارک براولی گوتی:

«ئێستا ئەمەریکا پێویستی بەوەیە بڕیاربدات چۆن دەتوانێت سەقامگیرییەکی رێژەیی دابین بکات و هەوڵبدات چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو حاڵەتە ئاڵۆزە رێکبخاتەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق سیاسەتێک پیادەبکرێت کە بتوانێت بارودۆخی عێراق رابگرێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەمەریکا بتوانێت ئەم کارە بکات گەلی ئەمەریکاش دڵخۆش دەبێت و گوشاری لەسەر کەمدەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی گەلی ئەمەریکا ئومێد دەخوازێت ئەو شەڕی ناوخۆییەی ئێستا هەیە کۆتایی پێ بێت وسەقامگیری جێگەی بگرێتەوە.

لەم چوارچێوەیە و لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، ناوچەیەکی سەقامگیری ئارامە، دەبێت زیاتر لە ئەمەریکا وگەلی ئەمەریکا نزیک بۆتەوە و وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی لە عێراقدا سەیر دەکرێت.

بەڵام هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بێتە نموونە بۆ هەموو عێراق لەم بارودۆخەدا کارێکی ئاسان نییە، لە هەمانکاتدا تەنیا ئومێدیشە بۆ ئەوەی وەک نموونەیەک بۆ ئایندەی عێراق و سەرکردەکانی عێراقیش دەبێ هەوڵبدەن لە چوارچێوەی پێکهاتنەوەییەکی سیاسیدا هەنگاو بەو ئاراستەیە هەڵبگرێت.

## دەبێ ئەمەریکا سەقامگیری کوردستان بپارێزێت

بەشە ئارامەکەی عێراق کە هەرێمی کوردستانەو تەنیا ئومێدە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەک بۆ ئایندەی عێراق، لە هەرەشە و ئاستەنگ بە دوورنییە، ئێستا ئەم هەرێمە سەقامگیرە مەترسی دەستێوەردان و هەرەشەی دەستێوەردانی سەربازی لەسەرە، بە واتایەکی دیکە ئەو نموونەیەی کە وەک هێمایەک بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا سەیر دەکرێت ئێستا لەلایەن هاوپەیمانێکی ئەمەریکاوە کە تورکیایە هەوڵدەدرێت ئەو سەقامگیریە نەهێڵێت و، وەک پارچەکانی دیکەی عێراقی بەسەربێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەمەریکا ئەگەر سەقامگیری هەرێمی کوردستانی لە دەست بچێت و، وەک پێویست پارێزگاری لێ نەکات ئەوا دەبێ راشکاوانە شکستی سیاسەتی خۆی رابگەیەنێت.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە ماوەی ١٥ ساڵە بە لۆژیک و دووربینی خۆی ئەم هەرێمەی پاراستووە و ئاسایش و سەقامگیری تیادا فەراهەمکردووە، ئێستا بە هەمان شێوە هەوڵدەدات بیپارێزێت، بەڵام لەگەڵ وادەی نزیک بوونەوەی مەسەلەی یەکلایکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابراوەکانی دیکە، خەریکە تەنگژەکە دەگاتە ئەو ئاستەی پێویستی بە پشتگیری لایەنێکی وەک ئەمەریکا هەبێت بۆ ئەوەی ئەم سەقامگیرییە بمێنێتەوە و هەرێمەکەش زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت.

دەربارەی ئەم رەوشەی کوردستان پرۆفیسۆر مارک گوتی: «ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵدەدات ئەو کێشەیەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەیە چارەسەری بکات، تورکیا مەرجی سەرەکی لەگەڵ ئەمەریکا ئەوە بووە کە نابێت داگیرکردنی عێراق بگاتە ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێت، لەم حاڵەتە پێویستە ئەمەریکا تورکیا لەوە دڵنیا بکاتەوە کە پشتگیری لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناکات، کوردیش کە هاوپەیمانی ئەمەریکایە دەبێ لەوە تێبگات کە نابێ کارێک بکات هاوپەیمانەکەی پێی ناخۆش بێت. لەم حاڵەتەدا کە ئەمەریکا هاوپەیمانی هەردوولایە، دەبێ رۆڵی میانگیر بگێڕێت و هەردوولا دڵنیا بکاتەوە و کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکات.

لەم چوارچێوەیەدا بە مەزەندەی من پێویست ناکات ئەمەریکا بنکەیەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ، بەڵام لەو کاتەی کە هێزەکانی خۆی لە پارچەکانی دیکەی عێراق دەکشێتەوە، ئەگەر ژمارەیەک لە هێزەکانی خۆی لە کوردستان بهێڵێتەوە ئەمە ئەگەرێکە لەوانەیە ئەمەریکا بەشێک لە هێزەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان بهێڵێتەوە.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراقدا لە دوو حاڵەتدا دەبێت:

یەکەم/ ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێت و پێویست نەبێ هێزەکانی ئەمەریکا زیاتر بمێنێتەوە، کە ئەمەیان زۆر زەحمەتە .

دووەم/ حاڵەتی شەڕی ناوخۆی عێراق بگاتە ئەو ئاستەی ببێتە شەڕێکی سەرتاسەری لەم حاڵەتەدا کە هێزەکانی ئەمەریکا ناتوانن ئەو بارودۆخە هێور بکەنەوە ناچار دەبن عێراق بەجێ بهێڵن.

حاڵەتی یەکەم، ئەگەرێکی دوورە، بۆیە قسە لەسەر حاڵەتی دووەم دەکەم ئەگەر شەڕی ناوخۆی عێراق بووە شەڕێکی سەرتاسەری بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو، ئەو کاتە زەمینەیەکی لەبار دەرەخسێت کورد بڕیاری سەربەخۆیی بدات و ئەمەریکاش ناچار دەبێت بیپارێزێت.

## ئەمەریکا و ئێران لە شەڕێکی سارد دان

فاکتەری ئێرانیش بە دیدی ئەمەریکا، فاکتەرێکی دیکەی ناسەقامگیرییە لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت هەموو کێشەکانی عێراق لە دەستێوەردانی ئێراندا چڕ بکرێتەوە، بەڵام ئەمەریکا ئەم دەستێوەردانە بە هەرەشەی سەرەکی دەزانێت هەوڵدەدات سنوورێکی بۆ دابنێت، هەروەها ئاستی تەنگژەکانیش گەیشتۆتە ئەوەی کە باس لە هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران دەکرێت دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر براولی بەمجۆرە رای خۆی خستەروو: «من وای دەبینم ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران ئەگەرێکی دوورە، پێموایە بارودۆخی ئێستای نێوان ئەمەریکا و ئێران شەڕێکی ساردە، لەو بڕوایەدا نیم ئەمەریکا یەکلایەنە هێرش بکات، هەروەها ئێرانیش هەوڵنادات بەو جۆرە رەفتار لەگەڵ ئەمەریکا بکات، بەڵام لەوانەیە بە رێگەی شەڕی بە وەکالەت، هەر لایەک دژی ئەوی دیکە کاربکات».



**تورکیا مەرجی سەرەکی لەگەڵ ئەمەریکا ئەوە بووە کە نابێت داگیرکردنی عێراق بگاتە ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێت، لەم حاڵەتە پێویستە ئەمەریکا تورکیا لەوە دڵنیا بکاتەوە کە پشتگیری لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناکات، کوردیش کە هاوپەیمانی ئەمەریکایە دەبێ لەوە تێبگات کە نابێ کارێک بکات هاوپەیمانەکەی پێی ناخۆش بێت**